# هەموو ئەدیب و هونەرمەندە داهێنەرەکان, پرۆژەیەکی هەمیشەیین بۆ"خیانەت! !

قوبادی جەلی زادە

## دیداری( عومەر کەریم بەرزنجی )لەگەڵ( قوبادی جەلی زادە)

شاعیری گەورەو بەڕێز مامۆستا (قوبادی جەلی زادە) یەکێکە لەو دەنگە شیعریانەی تایبەتمەندێتی خۆی هەیەو ژن پانتاییەکی بەر فراوانی لە شیعرەکانیدا داگیر کردووە, بەمەبەستی پەیبردن بەدنیای شاعیر چەند پرسیارێکمان ئاراستەی بەڕێزیان کردوو بەم جۆرە وەڵامی داینەوە:

پ/ راسپۆتین دەڵێ ( حەزم ئەکرد هەموو ژنە جوانەکانی دنیا هی من بوونایە ) ئایا خەونێکی لەو جۆرەتان نییە؟

و/ من لەگەڵ بەموڵك کردنی جوانی نیم خۆ ژنە جوانەکان کۆمەڵێك کەناری نین تا بیانخەینە نێو قەفەزی موڵکایەتییەوە و لەماڵەکانی خۆماندا هەڵیان واسین, جوانی باخێکی گشتییە هەمومان بۆمان هەیە بچینە ناویەوە بەمەرجێ گوڵەکان نەژاکێنین, وەك چۆن قەت ئارەزووی کۆکردنەوەی پوولم نەبووە, ئاواش حەز لەکۆکردنەوەی ژنە جوانەکان ناکەم, من لەم ئەستێرەی پڕلە سەدان ملیۆن ژنەدا, تەنیا ژنێك و تەنیا عەشیقێکم بەسە.

پ/ ئەگەر تۆ دەسەڵاتدار بیت و لەناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆتدا, دوو عاشق خەڵتانی خوێن کرێن لە لایەن پیاوانی خێڵەوە ئایا چۆن سزای تاوان بارەکان دەدەی ؟

و/ بەر لەخوێن ڕشتنی دوو عاشق, هەر لەیەکەم چوونە سەر کورسی دەسەڵاتەوە, لەڕەگەوە هەموو ئەو قوڵ و باسکانە هەڵدەکەنم, کە خاوەنەکانیان بیر لەکوشتنی دوو عاشق دەکەنەوە.

پ/ هەست ناکەی لە شیعرەکانتا, ژنت لەبەها ئینسانیەکان ڕووت کردۆتەوە؟

و/ من ژنم لەماسك و جل و بەرگە ساختەکان ڕووت کردۆتەوە, نەك لەبەها ئینسانیەکان... من مامەڵە لەگەڵ ژندا دەکەم وەك کەهەیە نەك وەك ئەوەی کۆمەڵێکی دواکەوتوو دەیەوێ.

پ/ ئەتوانی باسی ماوەی هەرزەکاریتمان بۆبکەی, ئەوەی لەو ماوەیەدا هەراسانی کردبووی چیبوو؟

و/ نەمدەزانی لەشەڕی دەستەو یەخەی خۆشەویستی ژن و خۆشەویستی نیشتماندا کام سەنگەر هەڵبژێرم.

پ/ باشە کاتێك سنووری هەرزەکاریت بڕی, کام سەنگەرت هەڵبژارد؟

و/ کە لەمەرزەکانی هەرزەکاری پەڕیمەوە, ئاشتم کردنەوە !

پ/ لە شیعرێکدا دەڵێی:

ئاخ ژنەکەم

چەند کلۆڵی

چەند بەستە زمانی

دەساڵە سەربەسینگی مێردێکی خائیندا دەکەیت و

نازانی.

ئایا بەڕاستی ئێوە پیاوێکی خائین بوون بەرامبەر بە ژن؟

و/ هەمووئەدیب و هونەرمەندە داهێنەرەکان, پرۆژەیەکی هەمیشەیین بۆ ( خیانەت! !؟ ) بەڵام بەدیوە جوانەکەی.

پ/ نزار قەبانی دەڵێ ( خۆشەویستی تاقە زانستێکە, هەتا مەلەی تێدا بکەی جەهلت زیاتر دەبێ ) لەم بارەیەوە دەڵێی چی؟

و/ نەزار هەر لە تەنکاوەکانی خۆشەویستیدا مەلەی کرد, ئەو مەلەوانێکی ترسنۆك بوو, نەیوێرا بەقوڵییەکانی ڕۆحی ژندا شۆڕبێتەوە بۆیە دەستی نەگەیشتە ئەو ڕەوەزە مەرجانەی کە قوبادی جەلی زادە پێی گەیشت. ئەو لەدەرەوەی پێستی ژن مایەوە.

پ/ ژن چی پێبەخشیت و چی لێ سەندیت؟

و/ لەهەوەڵەوە لەگەڵ ژندا لەسەرئەوە ڕێککەوتین, کەئەو هەتا هەتا بێت جوانی و خۆشەویستیم پێ ببەخشێت, منیش خۆبەخت کردن و شیعری پێ ببەخشم.

پ/ جوانترین شیعرت لەچی دەچێ؟

و/ لە نەرمە غارێکی ماین.

پ/ خۆشەویسترین کەس بەلاتەوە کێیە؟

و/ "گوڵێك" کە لەباخچەیەکی گشتییەوە ماڵی گوێزایەوە بۆ ئینجانەی دڵ و لەوێشەوە بۆ وڵاتی بەفروتاریکی.

پ/ ژنێکی دەستەمۆو گوێڕایەڵت خۆشدەوێت یان ژنێکی سرك و یاخی؟

و/ شاعیرێك دەڵێت ( کە مۆمەکان دەکوژێنەوە, هەموو ژنەکان جوانن ).

پ/ ئەی جوانترین ژن کامەیە؟

و/ ئەو ژنەی لەگەڵیدا دەنووی.

پ/ لە هەرزەکاریتدا لاوێکی شەرمن بوویت یان بزێو بەرامبەر بە ژن؟

و/ ئەوساو ئێستاو هەمیشە شەرمن. شەرم کردن لە ژن شەرم کردنە لە شەهید.

پ/ تۆ باوکێکی دڵ ڕەقیت یان نەرمونیان؟

و/ کەمێك لە لۆکە ڕەقترو تۆزێکیش لە ئاوریشم نەرمتر!!